


چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردی ١٨٩٨ - ١٩٩١

گۆران سەلام محەمەد

33515

Preview sample - page 1 of 7 - Soran University Academic Digital Library

ناسنامەی کتێب

ناوی کتێب: چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردی

نووسینی: گۆران سەلام محەمەد

بابەت: مێژووی ڕۆژنامەگەریی

تایپ و زمانەوانی: نووسەر

دیزاینی ناوەڕۆک: پێشەوا شێخ ڕەنووف

دیزاینی بەرگ : ئیبراهیم سالّح

چاپخانە: حەمدی

شوێنی چاپ: سلێمانی

نۆبەت و سالّی چاپ: یەکەم، ٢٠٢١ زایینی

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان

ژمارە سپاردنی (١٧٠٣)ی سالّی ٢٠٢١ی پێدراوە

Preview sample - page 2 of 7 - Soran University Academic Digital Library

ناوەرۆك

بابەت	لاپەرە
پێشکەشە	٧
سوپاس و پێزانین بۆ بەڕێزان	٨
لیستی کورتکراوەکان	٩-١٠
سەرنجێك لەسەر نووسین	١١-١٤
لەبری پێشەکی	١٥-١٨
پوختە	١٩
بەشی یەکەم: سەرەتاکانی نەم بواره و پوختەیەك لە مێژووی چاپ و رۆژنامەگەریی	٢٠
تەوەری یەکەم: سەرەتای ڕاگەیاندن	٢١-٢٤
تەوەری دووەم: کورتەیەك لەسەر مێژووی چاپ و بڵاوکردنەوە	٢٥-٢٨
تەوەری سێیەم: رۆژنامەگەریی لە ڕووی چەمك و زاراوەوە	٢٩
١- زاراوەی رۆژنامە	٢٩
٢- چەمکی رۆژنامە	٢٩-٣٢
٣- چەمکی گۆڤار	٣٢
تەوەری چوارەم: سیفەتەکانی رۆژنامەنووسی و جۆرەکانی رۆژنامە و گۆڤار	٣٣-٣٤
تەوەری پێنجەم: تیۆرەکانی رۆژنامەگەریی	٣٥-٣٦
بەشی دووەم: گوزەرێك بە مێژووی رۆژنامەگەریی کوردیدا	٣٧
تەوەری یەکەم: درەنگ دەرکەوتنی رۆژنامەگەریی کوردی	٣٨-٤١
تەوەری دووەم: رۆژنامەی کوردستان یەکەم رۆژنامەی کوردی	٤٢-٤٥
تەوەری سێیەم: مێژووی چاپخانەکانی کوردستان	٤٦
یەکەم: چاپخانەکانی باشووری کوردستان	٤٦-٥٠

Preview sample - page 3 of 7 - Soran University Academic Digital Library

دووەم: چاپخانەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان	٥٠
سێیەم: چاپخانەکانی باکووری کوردستان	٥١
چوارەم: چاپخانەکانی ڕۆژئاوای کوردستان	٥٢
بەشی سێیەم: چەردەیەك لە مێژووی ڕۆژنامە و گۆڤار و بلاوکراوە کوردییەکان لە نێوان سالانی ١٩٠٠– ١٩٩١	٥٣
تەوەری یەکەم: ڕۆژنامە و گۆڤار و بلاوکراوە کوردییەکان لە نێوان سالانی ١٩٠٠-١٩١٨	٥٥-٥٩
تەوەری دووەم: ڕۆژنامە و گۆڤار و بلاوکراوە کوردییەکان لە نێوان سالانی ١٩١٩-١٩٤٥	٦٠-٧١
تەوەری سێیەم: ڕۆژنامە و گۆڤار و بلاوکراوە کوردییەکان لە نێوان سالانی ١٩٤٦-١٩٩١	٧٢-١٥٣
پەراوێزەکان	١٥٣-١٨٧
لیستی سەرچاوەکان	١٨٨-٢٠٠
پاشکۆی وێنەکان	٢٠١-٢٣١
نووسەر لە چەند دێڕێکدا	٢٣٢

Preview sample - page 4 of 7 - Soran University Academic Digital Library

لەبری پێشەکی

بێگومان سەرەتای دەرکەوتن و نیشتەجێبوونی ئەو ڕەگەزانەی, کە کوردی ئێستای بۆ دەگەڕێتەوە لەسەر ئەم هەسارەیە و لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا بۆ سەردەمێکی لە مێژینە دەگەڕێتەوە, وەك نەتەوە و ئیتنیك, کورد مێژووەکەی بۆ کۆنترین ئەو ڕەگەزانە دەگەڕێتەوە, کە لە مێژووی کۆندا لەم ناوچەیە نیشتەجێبوون.

ئەوەی گرنگە لای ئێمە ڕەوتی نووسینە لە نێو کورددا و مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردییە, بە ڕەچاوکردنی ئەو لایەنە نەرێنیانەی بەردەوام لە نێو کورددا بوونی هەبووە, وەك ئەوەی لە زۆربەی قۆناغەکاندا کورد نەیتوانیوە هاوشانی نەتەوەکانی تر خاوەنی مێژوونووس و ڕۆژنامەی پێویست و ڕۆژنامەنووس و نووسەری خۆی بێت, هەمیشە بەشێکی زۆر لە مێژووی کورد لەلایەن کوردناس و ڕۆژهەلاتناسەکانەوە نووسراوەتەوە, زۆرجاریش ڕۆژنامەنووسانی بیانی ڕەوتی ئابووری کۆمەلایەتی کوردستانیان شرۆڤە کردووە.

لەسەر ئاستی ڕامیاریش ئەم بۆچوونە وەڕاست دەگەڕێ, چونکە لەم ڕووەشەوە کورد لە چاو نەتەوە و گەلانی دیکەدا, کەمتر پشتی بە نووسین و ڕێکەوتننامەی سەر کاغەز و بەڵگەنامە بەستووە, زۆرجار گرنگترین بابەتی چارەنووسسازی کورد بە گفتوگۆ و ڕێکەوتنی زارەکی کۆتایی پێهاتووە, کە لە گۆڕەپانی ڕامیاریدا بەتایبەت لە ناوچەیەکی جوگرافیی دژواری وەك کوردستاندا زۆر جار داگیرکەرانی کوردستان لە

Preview sample - page 5 of 7 - Soran University Academic Digital Library

رێکەوتنی نووسراویش پەشیمان بوونەتەوە، چ جای ئەوەی بەڵگەی نووسراویش لە بەردەستدا بوونی نەبووبێت.

بۆیە کورد نەیتوانیوە بە باشی مێژووی خۆی بنووسێتەوە، دەبینین لەسەدەی شازدەدا شەرەفخانی میر و میژوونووس بوونی هەیە، شەرەفنامەی نووسیوە و یەکێکە لە پەرتووکە بە نرخەکانی بارودۆخی ڕامیاری و کۆمەڵایەتی ئەوکاتی ژیانی کورد، بەڵام ئەوەی لێرەدا جێگەی پرسیارە ئایا بوونی یەک مێژوونووس لەو سەردەمەدا مانای تەواو بە بارودۆخی ڕامیاری و کۆمەڵایەتی ئەوکات دەبەخشێت؟ یاخود شەرەفخان توانیویەتی تەواوی مێژووی سەردەمەکەی خۆی بنووسێتەوە؟ ئایا تەواوی لاپەڕەکانی مێژووی کورد لە پێش شەرەفخاندا چۆن بدۆزینەوە ؟ ئایا لە دوای شەرەفخان تاکو سەدەی بیستەم چەند مێژوونووسی کورد دەرکەوتوون؟

دەتوانین بڵێین، کورد وەک نەتەوە بەشێوەیەکی گشتی نەیتوانیوە مێژووی خۆی بنووسێتەوە، بە تایبەتی مێژووی پێش سەدەی بیستەم، کە لێرە و لەوێ و بەشێوازی پچڕپچڕو نازانستی بەشێکی کەمی مێژووەکەی نووسیوەتەوە، هەربۆیە نووسراوەکانی کوردناس و ڕۆژهەڵاتناس و نامە و بەڵگەنامەی جەنگیی و نووسراوی وەزارەتەکانی دەرەروە و ناوخۆی عوسمانی، سەفەوی قاجاری، ڕووسی، ئینگلیزی، فەرەنسی و ئەڵمانی...هتد باس لە بە شێکی زۆری ژیانی ڕامیاری و کۆمەڵایەتی و ئایینی و ئابووری و جوگرافی ئەم ناوچەیە دەکەن و بوونەتە گەنجینیەیەک بۆ زۆرینەی ئەو لێکۆڵەرانەی، کە لە هەریەک لەم بوارانەدا لێکۆڵینەوەیان کردووە و دەکەن.

سەبارەت بە ڕەوتی ڕۆژنامەگەریی کوردی ئایا هاوشانی نووسینەوەی مێژوو، ڕەوتی ڕۆژنامەنووسی کوردی لە چ ئاستێکدا بووە؟ ئایا کورد تواناییەتی لە سەردەم و

Preview sample - page 6 of 7 - Soran University Academic Digital Library

بارودۆخی گونجاودا خاوەنی ڕۆژنامەی پێویست بێت؟ ئایا ڕۆژنامەکانی سەدەی بیست توانیویانە پێداویستی خوێنەری کورد پڕ بکەنەوە؟ ئایا توانیویانە بارودۆخی ژیانی کورد و دۆزە ڕەواکەی بە جیهانی دەرەوە ناشنا بکەن؟ ئایا ڕۆژنامەکانی سەدەی بیست توانیویانە ببن بە سەرچاوەیەکی باش بۆ توێژەرانی کورد لە نێستادا؟ ئایا بۆچی بەشێکی زۆری ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکان ناتوانن بۆ ساڵانێکی دوور و درێژ بەردەوام بن؟ ئەمانە لەلایەک لە لایەکە دیکەوە ئایا کۆمەڵگەی کوردی تا چەند خوێنەری ڕۆژنامە بووە و پشتی پێبەستووە؟

بە هەرحاڵ ئەوەی پێویستە ئەوەیە بتوانین بەبێ کاریگەری هیچ ئایدۆلۆژیایەک ڕاستی بپێکین و بە خاڵی ئەرێنی و نەرێنی مێژووی کورددا بچینەوە و تەواوی کەلێن و شکست و هۆکارەکانی پاشەکی بوونی کورد لە مێژوودا شرۆڤە بکەین, بۆیە خزمەتکردنی خاک و نیشتمان و کتێبخانەی کوردی بە ڕەخنە و داننان بە ڕاستیەکاندا دەکرێت, نەک پیاهەڵدان, ئەگەر لە دوای هەر نوشستێک لە مێژووی کورددا دان بە هەڵەکاندا بنرایە, ئەوا هەمان ئەو هەڵانە لە قۆناغی دواتردا دووبارە نەدەبوونەوە.

بۆیە کورد هاوشانی نەتەوەکانی ڕۆژئاوا و تا ڕادەیەکیش دراوسێکانی نەیتوانیوە وەک پێویست خاوەن ڕۆژنامە بێت, هەمیشە ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکان هەر لە ڕۆژنامەی (کوردستانی ٢٢ نەپریلی ١٨٩٨)ەوە بگرە کەمیان نەبێ زۆربەیان نەیانتوانیوە بۆ ماوەیەکی درێژ بەردەوامبن, سەرەڕای ئەوەی سیاسەتی داگیرکاری لەمپەڕ بووە, چونکە لەگەڵ سیاسەتی ئەواندا یەکی نەگرتووەتەوە, حکومەت و ڕژێم و دەسەلاتە یەک لە دوای یەکەکانی تورک و فارس و عەرەب لە دوای جەنگی جیهانی یەکەمەوە, هەمیشە بوونەتە لەمپەڕ لەبەردەم هەر کرانەوە و پێشکەوتنێکی کورددا.

Preview sample - page 7 of 7 - Soran University Academic Digital Library